بە دڵنیاییەوە نەزر کردن خێر ناهێنێت، بەڵکو تەنها هەندێک شت بەهۆیەوە لە کەسی ڕەزیل دەردەهێنرێت

لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە نەزر کردن، وفەرموویەتی: «بە دڵنیاییەوە نەزر کردن خێر ناهێنێت، بەڵکو تەنها هەندێک شت بەهۆیەوە لە کەسی ڕەزیل دەردەهێنرێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە نەزر کردن، ئەمیش بریتیە لەوەی مرۆڤ شتێك لەسەر خۆی واجب بکات لەکاتێکدا شەریعەت فەرمانی نەکردووە بە پابەند بوون پێوەی، وفەرموویەتی: نەزر کردن هیچ شتێك پێش ناخات وهیچیش دوا ناخات، بەڵکو هەندێك شت بەهۆیەوە لە کەسی ڕەزیل دەردەهێنرێت ؛ کە تەنها ئەوەی واجب بێت لەسەری جێبەجێی دەکات، ونەزر کردن شتێك ناهێنێتە دی ئەگەر ئەو شتە لە قەدەردا هاتبێت کە نایەتە دی.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/2960